ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

24
٢٥ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر ٢٠٢١



## خرۆشانی خوێندکاران و جەنگی چینایەتی

موحسن کەریم

چەند رۆژە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان شەقامەکانی شاروشارۆچکەکانیان کردۆتە مەیدانی بەرەنگاری دژی دەسەڵاتی میلیشایی بۆرژوازی کورد و حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی. هێزی ئەو بەرەنگاریە بەجۆرێکە کە سەرتاپای کۆمەڵگای کوردستانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوەو دەسەڵاتیشی تووشی ترس و هیستریا کردوە. چەک بەدەستانی حکومەتی کوردایەتی، بەعس ئاسا سەرقاڵی سەرکوت و داپڵۆسینی خوێندکارانن، بەڵام خوێندکاران چاونەترسانە ڕوبەروویان دەبنەوەو رۆژبەڕۆژ جەربەزانەتر دێنەوە سەرشەقامەکان. سۆزی خەڵک لەگەڵ خرۆشانی خوێندکاراندا بەجۆرێک فراوانە کە بەئاسانی دووری و ناحەزبوونی دەسەڵاتی کوردایەتی بە خەڵکی کوردستان نمایش دەکات و وەکو دەسەڵاتێکی دوژمن لەلایەن خەڵکەوە ناودەبرێن. کار بەو ڕادەیە گەیشتوە کە مامەڵەی دەسەڵاتی کوردایەتی لەگەڵ خۆپیشاندەران و خوێندکاراندا لەگەڵ مامەڵەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس و جەلادەکانی ئەو رژێمەدا بەراورد بکرێن!

ناڕەزایەتی خوێندکاران بەڕواڵەت بۆ خواستی گێڕانەوەی دەرماڵەیە کە لەلایەن حکومەتی خۆماڵی کورادیەتیەوە لێیان زەوت کراوە، بەڵام ئەم ناڕەزایەتیە ئاکامی پەنگخواردنەوەی ناڕەزایەتیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی

بۆ لاپەڕە ٢

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

# ناڕەزایەتی خوێندکاران بۆ خواستەکانیان ڕەوایە و نابێ بهێڵین بەتەنها بمێننەوە!

ماوەی چەند ڕۆژێکە خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆکانی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی دەربڕین و سەر شەقامەکانیان گرتووە. خوێندکاران وێڕای داوای دەرماڵەکانیان، خواستی باشبوونی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی پێداویستی سوتەمەنی و ئاو و کارەبا ئەکەن. ئەمەش سادەترین ئەرکێکە کە ئەبێ دەسەڵاتداران، لە ئەستۆی بگرن و وەڵامی بەکردەوەی پێبدەنەوە. بەڵام ئەوە حکومەت و دەزگا سەرکوتگەرەکانیەتی کە لەجیاتی گوێگرتن بۆ داواکاری خوێندکاران، کەوتە پەلاماردان و بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنیەکان و بە داری کارەبایی و گازی فرمێسکڕێژ و بە لێدان، کەوتە هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتی و

بۆ لاپەڕە ٦



گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال سەبارەت بە :

## گیرخواردنی هەزاران پەنابەری خەڵکی کوردستان لە سنوری نێوان بیلاڕوسیاو پۆڵۆنیا

بۆ لاپەڕە ٣



## دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مایە و سەرچاوەی کارەسات و بێمافیەکانی خەڵکە!

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە 7

### هۆکاری ناڕەزایەتی هاوپەیمانی فەتح لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان چییە؟

عەبدوڵا مەحمود .... لاپەڕە ٨

### سودان کۆتایی دەورەیەک و سەرەتای دەورەیەکی نوێ!

دەسەڵاتی سەربازی پاشەکشەی پێکرا

نوری بەشیر ...... لاپەڕە ١٠

### سەلامەتی گیانی هاوڕێیانمان لەئەستۆی هێزە ئەمنیەکاندایە!

ڕاگەیاندنێک لە کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە

### کرێکارانی ژینگەپارێز لە نێوان حوکمەت و کومپانیاکاندا !

مەهدی ڕەسوڵ

دوا لاپەڕە

# درێژەی..... خرۆشانی خوێندکاران و جەنگی چینایەتی

کوردستانە کە لەسایەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا تەنانەت خەریکە باجی هەڵمژینی هەواشیان لەسەر دابنێن و هەرچی خزمەتگوزاری گشتیە ڕادەستی بازاریان کردوەو باری سەرشانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و زەحمەتکێشیان بەجۆرێک گران کردوە کە ئیتر قابیلی تەحەملو کردن نەماوە! خوێندکارانێک کە رژاونەتە سەرشەقامەکان و داوای دەرماڵەو خزمەتگوزاری و بایەخدان بە خوێندنی حکومی و زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان دەکەن، لەڕاستیدا رۆڵەی خێزانە کرێکاری و زەحمەتکێش و کەمدەرامەتەکانی کوردستانن، کە لەسایەی دەسەڵاتی کوردایەتیەوە، کرێ و مووچەکانیان تەنانەت بەشی دابینکردنی ژیانێکی کولەمەرگی ناکات. ئەوان رۆڵەی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەن کە حکومەت مووچەکانیانی خستۆتە ناو قورگی شێرەوەو ژیانی هەژاری و نەدارییان بەسەردا سەپێنراوە! خوێندکارانی ناڕازی بەم خرۆشانەیان بەرگری لە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن. بەرگری لە کرێ و مووچەی دایک و باوکیان دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ بەشێکی کەم لە موچەی دزراوی خێزانەکانیان وەربگرنەوە. خرۆشانی خوێندکاران بەشێکە لە جەنگێکی چینایەتی کە هەر ئێستا بەڕێکەووتوە. جەنگێک لەپێناو ژیانێکی یەکسان و شەرافەتمەند بۆ هاوڵاتیانی کوردستان. جەنگێکە دژ بە نایەکسانی و تاڵانکردنی داهاتی خەڵک لەلایەن دەستەیەکی مافییایی دەسەڵات بەدەستەوە کە ژیانێکی شانەهانەیان بۆ خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان دروست کردوەو زۆربەی کۆمەڵگای کوردستانیان لە بێمافی و هەژاری و نا عەدالەتیدا ڕاگرتوە. هەر ئەوەشە کە ئەوای کردوە خرۆشانی خوێندکاران جێگای پشتیوانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستان بێت. ئەوان بەو بەرەنگاریەیان بەرگری لە بەهاکانی ژیان دەکەن. بەرگری لەمافی یەکسانی ژیان دەکەن بۆ دانیشتوانی کوردستان.

ئەم خرۆشانەی خوێندکاران سەرەنجام دەبێت بگۆڕدرێت بۆ بزوتنەوەیەکی فراوانی خوێندکاران ولاوانی کوردستان، کە بتوانێ وەکو بەشێکی پێشڕەو لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستاندا جێگا بگرێت. دەبێ لەڕووی ڕێکخراوەیەوە خۆی ڕێک بخات و لەڕووی سیاسیەوە ببێتە خاوەنی ڕابەریەکی سیاسی شۆڕشگێر و ڕادیکاڵ. دەبێ هەموو تاڵە دەزوەکانی بە بزوتنەوە بۆرژواییەکانی کوردستان بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستی و شێوە لیبراڵەوە بپچڕێت. ئەم خوێندکارانەی ئێستا بۆ خواستی گێڕانەوەی دەرماڵە و ئاڵوگۆڕ لەسیستەمی خوێندندا هاتونەتە مەیدان، ناچارن دوای تەواوبوونی خوێندنەکانیشیان بۆ خواستی دامەزراندن و بەدەستهێنانی فرسەتی کار دوبارە بێنەوە سەرشەقامەکان، وەکو چۆن ساڵانی رابردوو هاوڕێکانی ئەوان کە پێشتر خوێندنیان تەواوکردبوو چەندینجار ئەو کارەیان کرد. ئەوان هێزێکی کاری کارامەو شارەزای داهاتووی کۆمەڵگای کوردستانن، کە دوبارە دەبێت لەپێناو دابینبوونی ژیاندا یەخەی دەسەڵاتی کوردایەتی بگرنەوە، بۆیە پرسی خۆڕێکخستن و ڕێکخراوبوون و دەستڕاگەیشتن بە سیاسەتێکی ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی کە تەعبیر بکات لە ئامانج و ئومێدەکانیان و بەهرەمەندبوون لە رابەریەکی سیاسی شۆڕشگێر و سۆشیالیست یەکێکە لە مەرجەکان و پێداویستیەکانی بەردەوامی و گەشەو پێشرەویی ئەم جموجوڵەی خوێندکاران و بزوتنەوەکەیان لەم نەبەردە چینایەتیەدا کەدەستیان پێکردوە.

سەرکەوتنی خوێندکاران لەم نەبەردەی ئێستایاندا و بەدەستهێنانەوەی مافی خەرجکردنی دەرماڵەو باشکردنی دۆخی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگا حکومیەکاندا، دەبێتە دەسپێکێکی مەزن لە ڕەوتی بزوتنەوەی خوێندکاران و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستاندا بەگشتی و پاشەکشەیەک بەسەر دەسەڵاتی کوردایەتیدا دەسەپێنێ لەبەرامبەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستاندا.

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر: **موحسین کەریم**
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

### گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال سەبارەت بە:

# گیرخواردنی هەزاران پەنابەری خەڵکی کوردستان لە سنوری نێوان بیلاڕوسیاو پۆڵۆنیا

**ئۆکتۆبەر: کارەساتی گیرخواردنی چەند هەزار هاوڵاتی کوردستان و عێراق لەسەر سنورەکانی بیلاڕوس و پۆڵۆنیا، نەک تەنها دیمەنێکی تراژیدی مرۆیی نمایش دەکات، بەڵکو ماناو دەربڕینێکی قووڵی سیاسی هەیە. چی ڕویداوە وا ئەو خەڵکە ناچارن ئەو سەختییە قبوڵ بکەن و ڕێگای هاتو نەهات بگرن!؟ لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم ڕووداوە چیە؟**

دەشتی جەمال: بە لێوردبوونەوەی سادەوە دەتوانرێت دیمەنی گریان و پاڕانەوە و ناڵە و هاواری منداڵ و ژن و پەککەوتەی سەر سنوورە دەستکردەکان، و ئەو تراژیدیا ناخهەژێنەی بووەتە مانشێتی میدیا و ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی دنیادا، ئەو ڕاستییە سادەیە ببینین کە نیزامی سەرمایەداری چەندە ناکۆکە بە سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان و جیهانێکی هەڵگەڕاوەیە. قسەکەرانی حکومەتەکانی ئەوروپا بەم ڕۆژگارە باس لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام هەر لەلایەن خۆیانەوە پایماڵ دەکرێت و کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماردانێکی بەنەخشەوە. دیمەنی دڵهەژێنی واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بێمافییەکانی ئینسان و هاڕینیان لە ململانێی نێوان بلۆکە ئیمپریالیستی و قوتبە ناوچەییەکان و هێز و گروپە قەومی و ئیسلامییەکاندا لە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆکاری کۆچی ناچاری و ئەو مەرگەساتەیە کە لەسەر سنورەکان و لەوانەش لەسەر سنوری بیلاروس و لیتوانیادا، ڕوودەدات. ئەو هەڵومەرجە سەختەی جەماوەری فراوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بەتایبەتیش لاوان لەگەڵی بەرەوڕوون، چ لە سوریا و عێراق و چ لە کوردستان، لەوانەش بێکاری و نەبوونی هەلی کار، گرانی و نەبوونی، فراوانبوونەوەی هەژاری، سەرکوت و بێمافی هەمەلایەنە و داڕوخان و نەمانی خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتاییەکان تا دەگاتە نادیاریی ئایندەی سیاسی، وردکردنی ئیرادەیان، جێگایەکی بۆ ژیان کردنی ئاسایی نەهێشتۆتەوە. سەرباری ناڕەزایەتی بەردەوام لە ١٧ی شوباتەوە تا بە ئێستا دەگات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لەجێگای وەڵامدانەوە و گوێگرتن لە داوای خۆپیشاندەران و داخوازی چین و توێژەکان، ڕێگای سەرکوت و داپڵۆسینی کردۆتە پیشە، تا لەو ڕێگایەوە پاشەکشە بە خۆپیشاندەران و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بکات و هاوکاتیش وەکو هەمیشە شانی خۆی لە هەموو بەرپرسیاریەتییەک خاڵی بکاتەوە... لەو نێوەدا بەشێکی خەڵک توشی نائومێدی و سەرگەردانی دەبن، و بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە ڕێگای هات و نەهات دەگرنەبەر و دەیانەوێت بەهەر نرخێک بووە ڕزگاریان ببێت لە مۆتەکەی دەسەڵاتی تاڵانچی و سەرکوتگەر و نابەرپرسی بزووتنەوەی کوردایەتی.

**ئۆکتۆبەر: بەرپرسانی حکومەتی هەرێم وا ڕادەگەیەنن کە ئەو خەڵکە لەژێر کاریگەری لایەنێکی سیاسیدا هەڵخەڵەتێنراون بۆئەوەی کۆچ بکەن و ئامانجەکەشی لەکەدارکردنی سومعەی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. یاخود دەڵێن ئەو خەڵکە بەهۆی هەژاری و نەبوونی ئازادی سیاسییەوە هەڵ نەهاتوون، چونکە هیچیان زیندانی سیاسی نین و هەزاران دۆلاریشیان خەرج کردوە بۆئەوەی بگەنە ئەوروپا. ئایا ئەم ڕاگەیاندنەی حکومەتی هەرێم هیچ ڕاستەیەکی تێدایە؟ وەڵامی ئێوە چیە بۆ ئەم پروپاگەندانە؟**

دەشتی جەمال: هەرکەسێک بۆ ساتێک تەنیا سەرنجێکی ئەو پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنانە بدات کە بەرپرسان و سەرانی حکومەتی هەرێم لێرە و لەوێ ئاشکرای دەکات جگە لە شان خاڵیکردنەوە لە بەرپرسیارێتی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، هاوکات درۆیەکی شاخدار دەکەن. هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو خێزانی بۆرژوازی کورد، بەشدارن لە برسێتی و بێکاری، بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و لە سەرکوت و بێمافییەکاندا، تەنانەت لە دۆخی نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستانیش. بۆیە هێنانە گۆڕی لایەنی سیاسی وەکو هاندەری خەڵک بۆ گرتنەبەری ڕێگای سەختی ڕزگاربوون لەم هەلومەرجە، درۆیەکە ناتوانێت کەس فریو بدات. بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان هیچ متمانەیەکیان بەو حزب و دەسەڵاتە نەماوە، لە زیاتر لە ٣٠ ساڵە، کۆمەڵگەی کوردستانی کردۆتە گەورەترین تاقیگەی دزی و تاڵانی و بێمافی و سەرکوت و نایەکسانی چینایەتی و هەڵاواردن... لەو نێوەدا نەک تەنها خەڵکی هەژار و نەدار، بەڵکو تەنانەت بەشێک لە هاوڵاتیان کە کاسبی و بژێویشیان هەیە، بەڵام بەو هۆیەوە ئایندەی کۆمەڵگە لێڵ دەبینن، بە جێگایەکی نازانن بۆ نەوەکانیان، ناچارن بەدوای لانەیەکی ئارام و ژیانێکی جێگیردا وێڵ ببن. باسی نەبوونی زیندانی سیاسی دەکەن، لەکاتێکدا هەر ئێستا دەیان چالاکوان و ڕۆژنامەنووس لە زیندانەکاندا بێ دادگایی زیاتر لەساڵێکە ڕاگیراون. لەکاتێکدایە لیستی تیرۆری نەیارانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامەنووسان، هێندە درێژە، درێژتر لە تەمەنی دەسەڵاتداریتی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان... لیستی

⇦

تیرۆری کادر و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان، بەسەدان کەسن... هێرش بۆسەر میدیا و ڕۆژنامەگەری بەردەوامە. خەڵک لەسەر نووسینی چەند دێڕێک لە سۆشیال میدیادا، دەخرێنە زیندانەوە، هەر ڕۆژەی کورە بەرپرسێک شەقاوەچیتی دەکات و ئارامی شار دەشێوێنێ یان لەسەر ڕووداوی زۆر سادە خەڵک دەکوژن. ئەمانە و دەیان نموونەی تر کە بەشێکی خۆیان لە ململانێی خۆیاندا لیستیان دەکەن، بەڵگەی ئاشکرای سەرکوتی سیاسی و دیکتاتۆرییەتێکی میلیشایین. بۆیە ئەگەر لە هەندێ وڵاتدا، خەڵک لەبەر بێکاری و برسێتی ناچار بە ڕۆشتن بن، یان ئەگەر بەهۆی سەرکوتەوە خەڵک ڕابکات، ئەوا لە کوردستان هەم برسێتی و بێکاری و هەم نائەمنی و سەرکوتی سیاسی و هاوکاتیش نائارامی سیاسی و نادیاری ئایندە سیاسییەکەی هەموویان هۆکارن بۆ ڕۆشتنی خەڵک بۆ ئەوروپا و ڕۆژئاوا.

**ئۆکتۆبەر: هەڵوێستی حکومەتی پۆڵۆنیا و بیلاڕوسیا بەرامبەر بەو پەناخوازانە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا بنەماکانی مافی مرۆڤیان ڕەچاو کردوە بەرامبەر بەو پەنابەرانەی لەم کاتە سەختەی ساڵدا لەسەر سنورەکانیان گیران خواردوە؟ هەڵوێستی حکومەتەکانی دیکەی ئەوروپا سەبارەت بەم ڕووداوە چۆن هەڵدەسەنگێنن!؟**

دەشتی جەمال: کاردانەوە و هەڵوێستی نامرۆڤانەی حکومەتی پۆڵۆنیا و بیلاڕوسیا ناتوانرێت لە دەرەوەی بازنەی ئەو کێشمەکێش و ململانێ سیاسییە و ئابوورییەدا کە ئەمڕۆ دووبارە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان بۆ قازانج و بەرژەوەندی کەڵەکەی سەرمایە ببینرێت. بەداخەوە ئەو پەناخوازانە کراونەتە کارتێکی سیاسی بۆ ساتوسەودای سیاسی و بازرگانی نێوان یەکێتی ئەوروپا و بیلاڕوسیا. لەکاتێکدا ژیانی ئەو مرۆڤانە زۆر لەو یارییە قێزەوەنەی ئەوان بەنرخترە.

مامەڵەی حکومەتی پۆڵۆنیا و بیلاڕوسیا و وڵاتە ئەوروپییەکان، زۆر نائینسانی و تەنانەت ناکۆکە بە بانگەشەکانی خۆیان و تەعەهوداتە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی ئینسانی پەنابەر. بەکارهێنانی هێز و گوشار بۆهێنان، داخستنی سنورەکان، تەلبەندکردن و دەست ئاوەڵاکردنی پۆلیس بۆ لێدان و سوکایەتی کردن، تا دەگات بە بوون بە تەماشاچی دۆخی مەئساوی ژن و مناڵ و پەککەوتەکان و نەجوولانی کەمترین هەستی ئینسانییان، گۆشە بەگۆشەی ڕەفتاری نائیسانی ئەو وڵاتانە دەخاتە ڕوو. حکومەتەکانی یەکێتی ئەوروپا بە پشتیوانیکردن لە پۆڵەندا بۆ توندکردنەوەی سنورەکان و سیمرێژکردنی سنورەکان و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی و لێدان لەو پەناخوازانە بۆ ناچارکردنیان بۆ گێرانەوەیان بۆ ئەودیوی سیمەکان، تا ڕاگرتنیان لەو سەرما سەختە و برسێتی و بێئاوی و بێ خۆراکیدا، تا دەگات بە ڕێگری کردن لە کاری ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕومالّی واقعیەتی دۆخی پەنابەران، نیشان دەدات کە بەهای ئینسان زۆر کەمترە لە بەهای بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لەگەڵ یەکتریدا. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرکام لەو وڵاتانە بە ئەندازەی خۆیان ڕۆڵیان لە خولقاندنی مەئساتی خەڵکی وڵاتانی گیرۆدە بە جەنگ و نائارامی سیاسیدا هەیە. جەنگ بەرپادەکەن و کۆمەڵگەکان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا خاپور دەکەن، بەڵام ڕێگا نادەن، خەڵک خۆی لە بەڵای جەنگەکان و لێکەوتەکانی، ڕزگار بکات. ئەم هەڵوێستە ڕەگەزپەرست و جیاکارییە نامرۆڤانەیانە، هیپۆکراسیتی (دووڕوویی) ئەم حکومەتانە ئاشکرا دەکات بەرامبەر بە مافی ژیانی ئەو کەسانە کە قوربانیین، پێویستە هاوپشتی نێونەتەوەیی و بەرەی مرۆڤدۆستی دنیا بەرامبەر بەم کارەساتانە دەنگ هەڵبڕێت.

**ئۆکتۆبەر: ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەو ڕووداوە تراژیدییەدا، کە هەڵوێستی حکومەتەکان بەوجۆرە نامرۆڤانەیە بوو، ئەوەبوو کە خەڵکی دێهاتەکانی سەرسنوری پۆڵۆنیا هاوکاری پەنابەرەکانیان دەکرد و خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکردن. ئەم هەستە مرۆییەی خەڵک و ئەو هەڵوێستە نامرۆییانەی حکومەتەکان چۆن تەماشا دەکەن؟ ئەو پاڵنەرە چیە کە ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە بەرامبەر بەهەمان ڕووداو بگیرێتەپێش؟**

دەشتی جەمال: لایەنێکی جیاکەرەوەی ئەو هەڵوێستانە ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی لەنێو خەڵکی ئەوروپادا بەگشتی دەستکەوتێکی مێژوویی درێژی هەیە کە بەرهەمی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەن لەچەشنی کۆمۆنەی پاریس و بزوتنەوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکانی چینی کرێکاری ئەوروپایە .. کە هەموو سنورێکی نەتەوەیی و سیاسی و کەلتووری بەزاندوە، بەشێکی زۆر لەماف و ئازادییەکانی خەڵکی تیا بەدەستهاتووە. مرۆڤدۆستی لەنێو خەڵکی سادەی کۆمەڵگای ئەوروپادا بەهۆی دژە زەبروزەنگی خەڵک و مرۆڤدۆستی بونیان زۆر بەرفراوانە. هەر ئەوەشە ئەو دیمەنی هاوکاری و بەتنگەوەهاتنە دەبینیت، ئەمە سەرباری هەموو ئەو سەختگیری و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەو وڵاتانەدا پەیڕەو دەکرێت، کەچی خەڵکی ئازادیخواز و هەڵسووڕاوانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ کۆڵیان نەداوە و لە دەرفەتێک دەگەڕێن ئەو گەمارۆیە بشکێنن و بە هانای ئەو پەنابەرانەوە بچن و نان و ئاو و خێمە و جلوبەرگ و خواردن و پێداویستییەکانیان پێ بگەیەنن. هاوکات دژی ئەو توندوتیژی و مامەڵە نامرۆڤانەیەی کە حکومەتی بۆرژوازی وڵاتەکەیان بەرامبەر پەنابەران پەیڕەوی لێدەکات، ڕابوەستن. ئەوەش بڵێم خەڵکی ئاسایی ئەو وڵاتانە ئەو ڕاستییە دەبینن کە ئەو پەنابەرانە قوربانیی

سیاسەتی جەنگ و کاولکاری و دەخالەتی سەربازیی هەر ئەم حکومەتانەن کە ئێستا بەردەرگای سنورەکانیان گرتوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەنابەرانە مرۆڤن کە بەرگی پەنابەرییان بەسەردا داسەپێنراوە و بەشێکن لە چینی کریکار، وە ئەوان لە مەیدانی خەباتیان دژی بۆرژوازی وڵاتەکەیان پێکەوە دەتوانن بەهێز و بەتواناتر بن.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بارودۆخی ئەو خەڵکەی لەوێ گیریان خواردوە چ پێشنیارێکتان هەیە؟ ئایا ئەگەر هۆکاری ئەم کۆچە بێزاری و توورەیی خەڵکە لە دەسەڵاتی نایەکسان و مافیا ئاسای هەرێم کە هیچ ئاسۆیەکی روونی لەبەردەم ژیان و گوزەران و ئاییندەی سیاسی و مافە سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی خەڵکدا نەهێشتۆتەوە، بەجێهێشتنی وڵات دۆخەکە چارەسەر دەبێ! ؟ ئایا هەموو خەڵکی کوردستان دەتوانن رەو بکەن؟ یاخود دەبێ کارێکی دیکە بکرێ!؟**

دەشتی جەمال: کاری هەرە پێویست، رێکخراوبوون و یەکدەنگی و هاوئاهەنگی و هاوکاری یەکترکردنیانە. وە پێویستە خواست و داواکارییەکانی خۆیان بەرۆشنی رابگەیەنن و بە دەستەجەمعی بەرگری لێبکەن، دەنا دۆخەکە لەسەرشانیان قورستر و ئاڵۆزتر دەبێت و پەرتەوازەیان دەکات. ئێستا چاوی میدیاکانی جیهان لەسەریانە تا هەنگاوی بەکردەوە بێدواکەتن بگرنەبەر (پێکهێنانی لیژنە و دەستە و هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەنابەران) کە نوێنەرایەتی داواکانیان بکات و لەو رێگەیەوە بتوانن پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن، هاوکاری و کۆمەک و یارمەتییەکان کە پێیان دەگات رێکخەن و بە یەکسانی دابەشیکەن، داوای هەڵگرتنی ئەو گەمارۆیە بکەن کە لەسەریانە تا رێگە بکەنەوە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بەهانایانەوە بچن، داوای دەستبەجێ نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بکەن کە بەهانایانەوە بێن و کۆتایی بهێنرێت بە سیاسەتی راگرتنیان لەو سەرما و سۆڵە و لە کەمپە دەستبەسەرەکاندا. کۆتایی بهێنرێت بەو زەخت و زۆرەی لەسەریانە تا ناچاریان بکەن بە گەڕانەوەی زۆرەملێ، داوابکەن مافی پەنابەرییان بۆ بەرەسمی بناسرێت لەچوارچێوەی پەیماننامەی جنێڤ بۆ مافەکانی پەنابەران و یەکێتی ئەورووپا بەرپرسیارێتی هەڵگرێت لە دابەشکردنیان بەیەکسان لەنێو وڵاتانی ئەورووپا و هاوکاری کردنیان بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانی ئاساییان... وە نوێنەران و قسەکەرانیان بەناوی پەنابەرانەوە وەڵامی ئەو لێدوانە پوچانە بدەنەوە کە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتداران لەدەرەوە لەسەریان سازیداوە، وە هەروەها داوا لە کەسوکار و خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستان و لەدەرەوە دەکەم، فشارەکانیان بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستان زیادبکەن.

دیارە ئەو دۆخەی لە کوردستان ئەحزابی دەسەڵاتداری پارتی و یەکێتی بەسەر خەڵکدا دایسەپاندوە بە دڵنیاییەوە جێهێشتن و هەڵبژاردنی ئەو رێگا سەختەی هات و نەهات رێگاچارە نیە، پێویستە بەرامبەر تەواوی ئەو هەلومەرجە بێنە مەیدان و خەباتی یەکگرتووانە و سەراسەرییان توند بکەنەوە بەئاراستەی گۆڕینی ئەو هەلومەرجە سەختەی دەسەڵاتی سیاسی دای سەپاندووە و بۆتە هۆکاری جێهێشتنی کوردستان. ئەگەر لەکوردستان سیستەمێکی سیاسی و ئابووری شایستە بە هاوڵاتیانی کوردستان لەئارادا بوایە، ئەگەر لانی کەمی ژیان و بژێوی و فرسەتی کار و ئازادی و ماف و خزمەتگوزارییەکان لەئارادا بوونایە، هیچ هاوڵاتییەک ناچار نەدەبوو بەوجۆرە لە وڵاتەکەی رابکات. ئەوەش بڵێم ئێمە لە کوردستانیش بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران سەبارەت بە کێشەی ئەو پەنابەرانەی گیریان خواردوە لەسەر سنوری بیلاڕوسیا و پۆڵەندا یاداشتی نارەزایەتیمان پێشکەش کردووە و داوامان لێکردوون کە دیاردەی کۆچ و پەنابەری وەک هەر دیاردەیەکی تری مرۆڤی کە رووی لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکات، وەک وشکەساڵی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و گرانی بەرەسمی بناسێت، هەرجۆرە سووکایەتی کردنێک کە بە پەنابەران و کۆچبەران دەکرێ لە دەزگاکانی راگەیاندن و هەر شوێنێکی ترەوە قەدەغە بکرێت. هەرکەسێک جا ئەگەر بەرپرسێکی حکومی بێت یان حزبی و کەسێکی ئاسایی بێت، ئەگەر بەم کارە هەستا ئەوا دەبێ وەک تۆمەتبار سەیری بکرێ و لەگەڵ سزای یاسایی بەرەوروو ببێتەوە، دەبێ پەنابەران و کۆچبەران وەک قوربانیانی کۆمەڵگای دوای جەنگ و قەیران گرتوو سەیر بکرێن و بەگیانی مرۆڤدۆستانەوە تەماشا بکرێن، وە حکومەت دەبێ بەهانای ئەم کەسانەوە بچێت و قەرەبووی زەرەر و زیانی ئەو کەسانە بکاتەوە کە خۆبەخشانە دەگەڕێنەوە یان رەنگە لەهەر بارودۆخێکدا کەسانێکیان لە دەرەوەی نیاز و ویستی خۆیان بگەڕێنەوە. هەروەها حکومەت لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی خۆیدا لەگەڵ وڵاتاندا، نەک هەر نابێ لایەنی هاوکار بۆ دیپۆرتی پەنابەر و کۆچبەران رۆڵ بگێرێت، بەڵکو پێویستە داکۆکی لە مافی قانونی نیشتەجێ بوونیان بکات.

★

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

# نارەزایەتی خوێندکاران بۆ خواستەکانیان ڕەوایە و نابێ بهێڵین بەتەنها بمێننەوە!

کۆبوونەوەی خوێندکاران. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نەیانتوانیوە بڵاوەیان پێبکەن و بەشێک لە شەقامە سەرەکیەکانی شاری سلێمانی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەستراوە.

ئێمە لە کاتێکدا کە سەرکوت و بڵاوکردنەوەی هێز و لێدان و سوکایەتی بە خوێندکاران لەسەر داواکردنی مافی بێئەملاولای خۆیان سەرکۆنە ئەکەین، هاوکات پشتیوانی بێدرێغی خۆمان بۆ دابینکردنی دەرماڵە و پێداویستیەکانی بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکاران دوپات ئەکەینەوە.

بێگومان داوای دەرماڵە و ئاستێکی گونجاو لە دابینکردنی بەشە ناوخۆییەکان بۆ خوێندکارانی کوردستان، بچوکترین ئەرکە لەسەر خەزێنە و داهاتێکی زەبەلاح و هەموو ئەو سەرمایەی کە ئەم دەسەلات و حکومەتە و بەرپرسانی ئەحزابی حاکم لەسەری ئەژین و خۆیان دەوڵەمەندتر ئەکەن، بەلام بۆ خوێندکارانێک کە لە خێزانە هەژار و زەحمەتکێشەکانەوە هاتوون و بە هەزار کوێرەوەی و چەرمەسەری درێژە بە خوێندن ئەدەن، بەشێکە لە خەبات بۆ باشکردنی ژیان و بژێوی، هەر بۆیە داوا و خواستێکی ڕەوایە و جێگای پشتیوانیەکی فراوانی کۆمەڵگایە و هیچ جۆرە پاساو و بیانویەک بۆ بڕین و دابین نەکردنی لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە جێگەی باوەڕ و قبوڵ نییە.

دەسەلاتداران لە درێژەی سیاسەتی لیبڕینی موچە و زیادکردنی باج و خەراج لەسەر خەڵک و دابینەکردن و گرانکردنی سوتەمەنی و ئاو و کارەبا و زیادبوونی بێکاری و دانەمەزراندنی دەرچووانی چەندین ساڵەی زانکۆ و پەیمانگاکان و بارگرانیەک کە بەسەر کۆمەڵگەدا دایانسەپاندووە، لە ساڵی ٢٠١٤ وەوە دەرماڵەی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانیان بڕیوە.

هەموو ئەم هەوڵانەی حکومەتی سەرمایەدارانی کوردستان، لە پێناو هەژارکردن و بێدەرامەتکردنی تەواوی کۆمەڵگەدایە. لەبەرامبەریشدا ئەوە کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵک زەحمەتکێشە کە لەدژی نەدان و دواکەوتن و لیبڕینی موچە و لە پێناو دابینکردنی پێداویستیە تەندروستی و خزمەتگوزاریەکاندا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، نارەزایەتییان دەربڕیوە و یەخەی دەسەلاتیان بۆ خواستەکانیان گرتوە و هەر جارەش لە شوێنێک و بە شێوازی جۆراوجۆر پێدەنێتە مەیدانەوە. نارەزایەتی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانیش بەشێکە لەم نارەزایەتیە بەرینە جەماوەریە کە بە دروستی یەخەی دەسەلات بەرنادات و سوورە لەسەر هاتنەدی ماف و خواستەکانی.

خوێندکارانی کوردستان ئەبێ لەم نارەزایەتیەیاندا یەکگرتوو و یەکدەنگ و ڕێکخراو لەمەیداندا بمێننەوە و لەدەوری خواستەکانیان، کە خۆی لە دانەوەی دەرماڵە دزراوەکانیان و دابینکردنی ئاوی پاک و کارەبا و غاز و سوتەمەنی یان ئامرازەکانی گەرمکەرەوەدا دەبینێتەوە تا داسەپانی بەسەر دەسەلاتدارانەدا درێژە بە هەوڵەکانی خۆیان بدەن. نەک تەنها ئەو پێداویستیانە بگرە بەخۆرایی کردنی خوێندن و دابین کردنی پێداویستیەکانی، ئەرکی سەرشانی حکومەتە و لەتواناندایە لە داهاتی زۆروزەبەندی ژێردەستی دەسەلاتداران دابینبکرێ.

هاوکات دەبێ خوێندکارنی ناڕازی، ڕیزەکانی خۆیان سەربەخۆ ڕابگرن و ڕێگەنەدەن هیچ لایەنێک و هیچ ئەندام پەرلەمانێک کە بەشێکی تەواوکەری هەمان سیستەمی ئێستان، بەناوی ئۆپۆزسیۆن و خەمخۆری بۆ خوێندکارانەوە، خۆیان بە نارەزایەتی و خواستەکانیاندا هەڵبواسن و خەباتەکەیان بەلاڕێدا بەرن. بەڵکو تەنها بە یەکریزی خوێندکاران و سووربوونیان لەسەر خواستەکانیان و خۆ بەدوورگرتنیان لە هەر جۆرە هەڵچوونێکی وا کە بیانوی سەرکوتی زیاتر بداتە دەست دەسەلات، ئەتوانێت زەمانەتی بەدەستهێنانی دەرماڵەکانیان و خواستەکانی تریان بکات.

ئەزمونی نارەزایەتی و خەباتی خوێندکارانی پۆلی ١٢ و ڕاوەستانیان تاکو دەسەلاتیان ملکەچ بە خواست و داواکانیان کرد، نمونە و ئەزمونێک و سەرکەوتنێکی نارەزایەتیەکانی خەڵکی هەژار و مەحرومە و ئەتوانرێت کەڵکی لێوەربگیرێت.

نابێ بهێڵین خوێندکاران بە تەنها بمێننەوە، ئەوانە رۆڵەی هەر ئەو خەڵکە ستەملێکراوەن کە گیرۆدەی هەژاری و نەداری و بێدەرەتانی کراون. پێویستە خوێندکارانی تری زانکۆکان و مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکان، کارمەند و فەرمانبەرانی ناوەندە جیاجیاکانی کار و کرێکاران و تەواوی خەڵکی زەحمەتکێش و ببیەش پشتیوانی لە نارەزایەتی و اوا و خواستەکانی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان بکەن و یەک دەنگ هەمووان دەسەلات ناچار بە ملدان بە داخوازیەکانیان بکەین.

ئێمە وێرای پشتیوانیمان لە نارەزایەتی و داواکاریەکانی خوێندکاران، خۆمان بە بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان ئەزانین تا بەدەستهێنانی دەرماڵە و باشبوونی هەلومەرجی ژیانی ناو بەشە ناوخۆییەکان و تەواوی سیستمی خوێندن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٢ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مایە و سەرچاوەی کارەسات و بێمافیەکانی خەڵکە!

مستەفا باهیر

بزوتنەوەی کوردایەتی کە لە ناوەراستی سەدەی بیستەوە دووباڵی ناسیۆنالیزمی کوردی رابەرایەتی دەکەن و لە لای خەڵکی کوردستان بە مەلایی و جەلالی ناسراون. لەسەرەتای دروستبونیانەوە، لەوکاتەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بوون تاوەکو ئەوکاتەی کە دەسەڵاتداریتی کوردستانیان کەوتوەتە دەست، گەورەترین کارەساتیان بەسەر خەڵکی هەژاری کوردستاندا هێناوە. بێجگە لەوەی ئەمانە لەشەڕی ناوخۆی خۆیاندا بە هەزاران لاوی کوردستانیان بەکوشت داوە، لەشەڕی نێوان خۆیان و حکومەتە فاشیستە یەک لەدوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراقیشدا هەزاران کەسیان بە کوشتداوە و بگرە بیانویان داوەتە دەستی رژێمی درندەی بەعس بۆ وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان و کیمیاباران و ئەنفال کردنی دەیان هەزار کەس. خۆشیان هەمیشە بونەتە داردەستی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی دەوڵەتانی فاشیستی وەک (ئێران، تورکیا، سوریا )، ئەوانیش بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان مەلایی وجەلالیان هەڵدەسوراند. ماوەی ۳۰ ساڵیشە ئەم دوو هێزە ناسیۆنالیستە، لەدوای ئەوەی خۆیان هەڵواسی بە لولەی دەبابەکانی ئەمریکاوە، بوون بەدەسەڵاتداری کوردستان و لەگەڵ هاو ئاوازەکانیان و حزبە ئیسلامیەکان حکومەتیکیان دروست کردوە بە ناوی حکومەتی هەرێم. لەوکاتەشەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی تاڵانی و قازانجی زیاتردا، هێرشێکی بەردەوام و بەرنامە بۆ دارێژراویان بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و توێژە بێبەش و کەمدەرامەتەکانی کوردستان دەست پێکردوە. رۆژ لەدوای رۆژ نرخی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، هەر لە نان و کالا خۆراکیەکانی ترەوە تا سوتەمەنی و خزمەتگوزاری تەندروستی و کارەبا و ئاو قوتابخانەو...تاد، بەرەو نرخێکی بەرزتر هەڵدەکشێنن. . ماوەی زیاتر لە شەش ساڵیشە بە بیانوی جیاواز کەوتونەتە برینی مووچەی فەرمانبەران و بەناوی پاشەکەوتی مووچەوە قوتی چەندین مانگی مووچەخۆرانی کوردستانیان تاڵان کردوە. لەژێرسایەی دەسەڵاتی ئەمانەشدا بە دەیان هەزار کەس بێکارن و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە و ناچارن وڵات بەجێبێڵن و روو لەهەندەران بکەن، بەشێکی زۆریان لەو رێگایانەدا ژیان لەدەست دەدەن. کرێکارانی کەرتی تایبەتیش یەکێکی ترە لە قوربانیەکانی دەسەڵاتی ئەم حکومەتە گەندەڵە، کە بەکرێیەکی مەمرەو مەژی کاریان پێدەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاستی قازانج و دەستکەوتی دەسەڵاتداران و پرۆسەی وەبەرهێنان بەرەو سەرتر هەڵدەکشێت و کەڵەکەی سەرمایە و پرکردنی بانکەکان بەردەوام لە زیادبوندایە.

لەلایەکی ترەوە ئەم حکومەتە گەندەڵە بەپێی سیاسەتی قازانج پەرستانەی خۆیان و لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵێک سەرمایەداری تاڵانچی و بەرپرسە حزبیەکان، بەتایبەتی بەرپرسانی پارتی و یەکێتی (مەلایی و جەلالی) کەوتونەتە فرۆشتنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، بە کەرتی ئەهلی، کە هەر حزبەیان خاوەنی چەند کۆمپانیایەکن و لە رێگای ئەو کۆمپانیانەوە سەروەتو سامانی سەر زەوی و ژێرزەوی کوردستان تاڵان دەکەن. بەناوی کەرتی تایبەتەوە هەمو خزمەتگوزاریەکان لەسەر هاوڵاتیان چەند قات بەرزدەکەنەوە.

بەگشتی حکومەتەکەی ( مەلایی و جەلالی) بەرامبەر بە کرێکاران و خەڵکی هەژاری کوردستان نەک هیچ بەرپرسیاریەتیەکیان لە ئەستۆ نەگرتوە، بگرە هیچ بەرنامەیەکیشان نیە بۆ باشترکردنی ئەم دۆخە. هەربۆیە خەڵکی کرێکارو هەژاری کوردستان روبەروی ژیانێکی سەخت بونەتەوەو رۆژ لەدوای رۆژ ژیانیان بەرەو خراپتردەروات. ئەم بارودۆخەی کە بەسەر کرێکاران و هەژارانی کوردستاندا هاتوە، بوەتە هۆی نارەزایەتیەکی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان. بەدەیان شێوازی جۆراوجۆر، هەر لە گردبوونەوەی نارەزایەتی، تا مانگرتن و خۆپیشاندان و تا هێرشکردنە سەر بارەگای حزبە دەسەڵاتدارەکان و حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان و سوتانی بارەگاو دامو دەزگاکانیان. تاوەکو ئێستاش ئەم نارەزایەتیانە بەردەوامیان هەیە. هەفتەی پێشوو کۆمەڵێک مامۆستای وانەبێژو فەرمانبەری گرێبەست خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، ئەمرۆ قوتابیان پەیمانگاو زانکۆکان رژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای دەرماڵەدەکەن. رۆژانە لەهەمو شارو شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانە خەڵکی دژی دەسەلاتی گەندەڵی بزوتنەوەی کوردایەتی نارەزایەتی دەردەبڕن.

بەڵام لە بەرامبەر ئەم نارەزایەتی و داواکاریانەدا، حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بێجگە لە سیاسەتی سەرکوت و فەرامۆشی و بێدەنگکردن، هیچ بژاردەو ئاسۆیەکیان نەخستۆتە بەردەم خەڵکی نارازیەوە. لەلایەکی تریشەوە حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازیەکان دیانەوێ نارەزایەتی خەڵک بکەنە فشاری سیاسی و کارتی دەستی خۆیان، تا چەند کورسیەکی پەرلەمان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و بەشداری بکەن لەو دەسەڵاتە گەندەڵەداو پشکی خۆیان بەرن لە سەروەتو سامانی



# هۆکاری نارەزایەتی هاوپەیمانی فەتح لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان چییە؟

عەبدوڵا مەحمود

هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق کە ریکەوتی ١٠/١٠ بەڕێوەچوو، سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لەسەرتاسەری عێراقدا بە عەرەب و کورد و شیعەو سونەوە تووشی شۆک کرد. بەشدارینەکردنی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا بەم ڕێژە زۆرە، بەپلەی یەکەم، بەرلەوەی پرۆسیسی هەڵبژاردن و نمایشی دیموکراسی بۆرژوازی نیشان بدات، نمایشی نارەزایەتی جەماوەری بەرووی سیناریۆی هەڵبژاردنەکاندا، نیشاندا. دیارە ئەم نارەزایەتیە و شکستدانی خەونی خانەوادەی بۆرژوازی لە هەڵبژاردنەکاندا، تەنها رەتکردنەوەی هەڵبژاردنەکە نەبوو، بەڵکو رەتکردنەوەی سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و پێداگرتنەوەی جەماوەری دەیان ملیۆنی خەڵکی بێبەش و ماف زەوتکراو لەسەر بەردەوامی دان بە نارەزایەتیەکانیان و خواستەکانیان، بوو.

لەم هەڵبژاردنەدا، خانەوادەی بۆرژوازی گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت، بەڵام لەناو ئەو خانەوادە رەنگاو رەنگەدا بەشێک لە ماڵەکانی ناو حەسارەکەی گورزی سەختر و کەمەرشکێنتری بەرکەوت، ئەوانیش رەوت و لایەنە سیاسیەکانی سەر بەئیران بوون. ئەو لایەنانەی کە ئەم گورزە سەختەیان بەرکەوت، ئەوانەبوون کە لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعسەوە، لە عێراقدا هەمەکارە بوون و ئیران بە تەواوەتی لە پشتیان بوو. کارنامەی ئەم لایەنانە، بەکردەوە لەسەر ئینتیمای تایفی و خزمەت بە ئەجنداکانی ئیران دەچووە پێشەوە. جەماوەری بێبەشی عێراق لەئاستی سەراسەریدا بەر لەهەر لایەنێک، ئەو رەوتانەیان بە هۆکاری برسێتی و بیکاری و گرانی و سەرکوت و بێمافی دەزانی کە بەتەواوەتی رۆڵی نیابەتیان بۆ سیاسەت و نەخشەکانی ئیران دەگێراو دەرگایان بۆی والاکردبوو کەهەم دەستێوەردانی ئاشکرا بکات و هەمیش ژینگەیان بۆ سازکردبوو ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکادا لە عێراقدا بباتە پێشەوە.

هاوپەیمانی فەتح بەسەرۆکایەتی هادی عامری کە ڕابەرایەتی باڵی سیاسی حەشدی شەعبی دەکات، لەم هەڵبژاردنەدا پلەی حەوتەمی گرتووە و تەنها توانیویەتی ١٦ کورسی بەدەست بهێنێت... ئەمە گەورەترین شکستە بۆ هێزێک کە پشتی بە گەورەترین هێزی چەکداری وەکو حەشد بەستووە و لەلایەکی تریشەوە لە پشتیوانی راستەوخۆی ئیران بەهرەمەند بووە، کە یاریچیەکی سەرەکی لە گۆرەپانی عیراق و ناوچەکەدایە.

ئەم شکستەی هاوپەیمانیەتی فەتح ئاماژەیە بۆ تێکچوونی بالانسی هێزی نێوان لایەنەکان و گۆرانی هاوپەیمانێتیەکان. هاوکات لایەنێکی ململانێی ناوخۆی "ناوی ماڵی شیعی" و درز کەوتنە ناویان ریشەی لەهەمان ئالوگۆری هاوسەنگی هێزدایە. ئەم رەوتە کە خاوەنی هێزێکی چەکداری گەورەی تایفییە و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و رەوتەکانی لایەنگریدا رۆشنە، نایەوێت ئەوە قبوڵ بکات، کە جێگەوریگەی سیاسی لە عێراقدا لاوازبێت. دیارە هێشتا ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە دادگای فیدرالیەوە، رەسمیەتی وەرنەگرتووەو بۆیە دەیانەوێت بەر لە راگەیاندنی ئاکامی کۆتایی فەرمی هەڵبژاردنەکان، گوشارەکانیان زیاد بکەن.

نیگەرانی رەوتی فەتح و لایەنەکانی تری سەر بەئیران ئەوەیە، کە دەزانن رەوتێکی روو لەخوار و داکشان دەپێون، لەبەرامبەر رای گشتی خەڵکی عێراقدا. لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩دا، دروشمی کۆتاییهێنان بە دەستێوردانی ئیران و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و دەستکورتکردنەوەیان... بەیانی رۆشنی "نا" وتنی جەماوەری بوو، بەرۆڵی وێرانکارانەی ئیران و حەشدی شەعبی وەکو میلیشیایەک کە هۆکارێکی سەرەکی ناارام راگرتنی عیراق و وەسیلەیەکی سەرکوتی ئاشکرای بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و لەبەین بردنی رابەران و هەڵسوراوانی بوو.

دیارە بەهەر ئەندازە ئەم

---

دزراوی کوردستان. بەم شێوەیە ئەم حزب و گروپانە گەورەترین زیان لە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک دەدەن.

بەکورتی ئەم بزوتنەوەیە بەهاوکاری حزبە ئیسلامیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە نزیک بە سەدەیەکە لە شاخ و شار بونەتە مایەی نەهامەتی و دەردیسەری بۆ خەڵکی هەژاری کوردستان و گەورەترین کارەساتیان بەسەر هێناوە. بەدەستهێنانی ژیانێکی باشترو شایستە بەئینسان تەنها لەرێگای دابینکردانی دەسەڵاتی نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک و دەسەڵاتی شوراییەوە دەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی وەلابنرێت.

٢٣/١١/٢٠٢١

★

ڕەوتانەی سەر بەئێران پێگەیان لاواز بێت، شانسی لایەنگرانی ناسیونالیزمی عەرەب و ڕەوتە شیعیەکانی دوور لە ئێران زۆرتر دەبێت... ئەمەش لایەنێکی تر لە نیگەرانی هاوپەیمانیەتی فەتح پێکدەهێنێت.

دیارە لە عێراقدا ئەگەری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بەهیچ پاساوێک ئیمکانی نییە، هاوپەیمانیەتی فەتحیش ئەوە دەزانن، تەنانەت ئێرانیش لەگەڵ ئەوەدا نیگەرانن لە ڕەوتی پاشەکشەی هێزەکانی وابەستە بەخۆیان، بەلام ئاکامی هەڵبژاردنیان لاباشترە لەوەی ئاڵۆزی لەعێراقدا ڕوولەپەرەسەندن بکات. ئێران لە ئێستادا خوازیاری پشێوی و بەیەکدادانی لایەنەکان بەتایبەتی لەنێوان خانەوادەی شیعەدا نییە و دەزانن ئەمە بە زیانیان تەواو دەبێت، بەتایبەتی کە بە ئاشکرا تۆخبوونی ڕۆڵی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبیدا لە عێراقدا دەبینن.

لەگەڵ ئەوەدا هێزەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کردووە و بەلام ئێران تا ئێستا یاریچی و ڕۆڵی سەرەکی لە عێراقدا، دەگێڕێت. بۆیە نارەزایەتی و بانگەشەی هاوپەیمانیەتی فەتح سنور بۆدیاریکراوە و نابێت ئەو سنورە ببەزێنێت. ئامانجی نارەزایەتی هاوپەیمانیەتی فەتح بۆ ئەوەیە بەپێی پێوەری ئاکامی هەڵبژاردنەکان مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت و لە پێگە و بڕیار و بەشداری سیاسیدا، ڕۆڵیان لاواز نەبێت.

دیارە تا ئێران کاراکتەری سەرەکی لە عێراقدا بێت و ڕەوتە سیاسیەکان خاوەنی میلیشیای سەر بەخۆیان بن، ناتوانرێت ئەو هێزانە بە پێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هاوپەیمانی فەتحیش لەگەڵ ئەوەدا لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی گەورەتری بەرکەتووە، بەلام ئەمە بە مانای کەنار کەوتن و لاوازکردنی ڕۆڵی لە بڕیار و بەشداری سیاسییدا نییە، بەتایبەتیش تا ئەو کاتەی خاوەنی حەشدی شەعبی و پشتیوانی ئێران و هاوکاتیش ئەڵتەرناتیفی ئێران لە عێراقدا لاواز بێت.

ئەوەی مەسەلەی میحوەرییە، و دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاوسەنگی هێزی لایەنەکان هەبێت. پەیوەندی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە هەیە. ئەو بزوتنەوەیەی حکومەت و دەسەلاتی ناچار بە هەلوەشاندنەوەی حکومەتەکی عادل عبدالمهدی کرد و پاشان هەلبژاردنی پێش وەختەی بەسەردا سەپاند. هێزی کاریگەر و بڕیاردەرەی بێگەرانەوەیە لە واقعیەتی سیاسی عێراقدا.

بەشدارینەکردنی زوربەش لە هەلبژاردنەکاندا و تەنانەت ریسواکردنی پرۆسەکە، بەیانی داخستنی ڕیگاکانی سازش بوو بۆ پاشەپێکردن بەو بزوتنەوەیەی بۆ "هەلی کار و نان و خزمەتگوازرییەکان و ماف و ئازادییەکان و بەدژی دەستیوەردانی دەرەکی" هاتە مەیدان. ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە، ئەگەر بتوانێت بەسەر لاوازییەکانی خۆیان زاڵ بیت، لە پێش هەموویانەوە دەست بەبات بۆ خۆرێکخراوبوون لە ئاستی ناوەند و کارگەو گەڕەکەکان و لەهەر جوڵانەوەیەکی داهاتوودا تیکەڵی نارەزایەتی شەقام و گۆرەپانی تەحریرەکان ببێت... وە هاوکات گرفتی ڕابەرایەتی سەراسەری وەلام بداتەوە، دەتوانێت ئایندەی سیاسی عیراق، بە دیویکی تردا بگورێت، کە ئیرادەو توانایی جەماوەری تیایدا میحوەرو بنیاتنەر دەبێت.

ترسی سەرەکی و بناغەیی بۆرژوای لە عێراق و ناوچەکەشدا، ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییە نەک پاشەکشەی لایەن و هاوپەیمانیەتیەک لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەگەر هاوپەیمانیەتی فەتح نیگەرانە لە پاشەکشەی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا نیگەرانی سەرەکی ئەو لەپاڵ هێزە ناکۆک و نەیارەکانیدا، هەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ریشە داکوتراوە، کە پشت ئەستوورە بە ڕاپەرین و خرۆشانی سالی ٢٠١٩...

٢٢/١١/٢٠٢١

---

**خەڵکینە... حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەرا پا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئیوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و ستەمگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستەمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایانگرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوێنی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، دەست بخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆبینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دڵسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!**



# سودان کۆتایی دەورەیەک و سەرەتای دەورەیەکی نوێ!

## دەسەڵاتی سەربازی پاشەکشەی پێکرا

**نوری بەشیر**

**هەلومەرجی رابردوو و گۆڕانکاریەکانی یەک مانگ:**

ناڕەزایەتیەکانی چەندین ساڵەی رابردوو لەبەرامبەر گرانی نان و نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان و سەرکوت و بێکاری و برسێتیدا، لە ئەپریلی ٢٠١٩ دا دەسەڵاتی سەربازی و دیکتاتۆری ناچارکرد بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەهێرشی جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەت و ژنانی ستەمدیدە کە هاتنەمەیدان، قوربانی بدەن بە عومەر حەسەن بەشیر و بکەونە ساتوسەوداو چاوبەست بەوەی کە دەسەڵاتی دوولایەنەی مەدەنی و سەربازی تاکو هەڵبژاردنی ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٢ قبول بکرێت.

ئەم دەورەیە کورتخایەن بوو بۆ دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی و سەربازی و دەوریەکی تاقیکردنەوە بوو لەلایەک بۆ ئەوان و لەلایەکی ترەوە بۆ جەماوەری تووڕەو ناڕازی. سوپا بەسەرپەرشتی عبدولفەتاح بورهان بەردەوام ترسیان هەبوو دەسەڵات لەدەستیان دەربهێنرێت، لەبەرئەوەی ناڕەزایەتیەکان بەردەوام لە فشارهێناندا بوون و داواکاری و خواستەکان و ناڕەزایەتی زیاتری رێکخراوە کرێکاری و پیشەییەکان و ترسێکی جدی بۆسەر دەسەڵات دروست کردبوو، بەتایبەتی کە خەڵک توانیان لە خوارەوەو لەگەڕەکەکاندا خۆیان رێکخراوبکەن .

دەسەڵاتی سەربازی بۆ فرسەتێک دەگەڕا دەسەڵات لەبەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە. لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١دا کودەتایەکی سەربازیان ئەنجامدا. عبدولا حەمدۆکی سەرۆک وەزیران کە کەسایەتیەکی ناسراو و شێوەیەک بەرگری لە دەسەڵاتی دوولایەنەی مەدەنی و سەربازی دەکرد، لەگەڵ ژمارەیەک کەسی دەوروبەری دەستبەسەرکران. جەماوەری ناڕازی سودان لەم بەرنامەیەی دەسەڵاتی سەربازی بە ئاگابوون، بەتایبەت هێزە رێکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە رێکخراوە کرێکاری و پیشەییەکان و کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک کە تازە سەریان دەرهێنابوو. لەسەر بڕیاری کۆمەڵەی پیشەگەرانی سودان و کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک و هێزی ئازادی و گۆڕان، بانگەوازی خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی سەرتاسەریان کرد. رۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەر خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجامدرا. دەسەڵاتی سەربازی بە سەربازو ئاسایش و پۆلیس و هێزە میلیشیا ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە، کەوتنە سەرکوت و راونان و گرتنی خۆپیشاندان و پاشەکشەیان بە خۆپیشاندان کردو ژمارەیەک کوژراو بریندار و دەستگیرکران و هێڵەکانی ئینتەرنێت بڕان. خۆپیشاندان پاشەشەی کرد، بەڵام ناڕەزایەتیەکان و پەیوەندیەکان لەرێگای کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەکەوە بەردەوامبوو.

جارێکی دیکە کۆمەڵەی پیشەگەرانی سودان و کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەریان کرد. سەدان هەزار کەس لە زۆربەی شارەکاندا لە ١٧ی نۆڤەمبەردا هاتنەمەیدان و ئەگەرچی ئەمجارەیان کوشتارو دەستگیرکردنی زۆر ئەنجامدرا، بەجیا لەبڕینی ئەنتەرنێت، خەتی تەلەفونیشیان بڕی، بەڵام خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون. بەشێوەیەکی رێکخراو لەخوارەوە کە لەهەموو گەڕەکێکدا بەرنامەی خۆپیشاندانی رێکوپێک و گرتنی شەقامە سەرەکیەکان و پەیوەندیەکانیان بەیەکەوەو پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە پیشەیی و کرێکاریی و جەماوەری و ژناندا هەبوو. دروشمی بە ئاشتی بە ئاشتی کە لە٣٠ی ئۆکتۆبەردا بەرزکرابووە، ئەمجارە گۆڕا بە: هیچ دانوستانێک نیە هیچ رێکەوتنێک نیە! هیچ هاوبەشیەک نیە، نا بۆ دەسەڵاتی سەربازی بەڵێ بۆ دەسەڵاتی مەدەنی، ناڕەزایەتیەکان بەردەوام بوو. ئەم ناڕەزایەتیە فراوانە بەردەوام کۆمەڵگای دەخستە ژێر کاریگەری خۆی و بە نیازی خۆپیشاندانی گەورەتر تربوون. هێزی سەربازی و میلیشیاکان و ئۆپۆزسیۆنە میانەڕەوەکان فشاریان بۆ دەهات و فشاری ئەم ناڕەزایەتیە رادیکالانە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی لە وڵاتانی دراوسێ و تا دەگاتە ئەمریکای ترساند، کە ئەم ناڕەزایەتیە بەرەو راماڵینی یەکجاری دەسەڵات بڕوات و دەسەڵاتی جەماوەری رێکخراو لەخوارەوە دامەزرێت، کە ترسی بۆ سەر حکومەتەکانی ناوچەکەش دەبێت.

بەناچار کەوتنە پلانێکی تر کە بەکەمترین زیان و دەسەڵاتیی بۆرژوازی لە تورەیی خەڵکی رێکخراو لەخوارەوە رزگار بکەن، هەربۆیە کەوتنە گفتوگۆ و ئازادکردنی عبدولا حمدۆک کە لە کودەتا سەربازیەکەیاندا دەستبەسەر کرابوو و گەڕانەوەی بۆ پۆستەکەی. هەروەها بەناچاری بڕیاری ئازادکردنی دەسگیرکراوەکان و بەدوایدا دانیشتینی نێوان هێزە سەربازیەکان و حەمدۆک و ژمارەیەکی تر لە ئۆپۆزسیۆن بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دوولایەنەی مەدەنی و سەربازی تا کاتی هەڵبژاردن لەناوەڕاستی ساڵی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت. ئەمە پاشەکشەیەکی سوپا بوو لەبەرامبەر درێژەی

# سەلامەتی گیانی هاوڕیانمان لەئەستۆی هێزە ئەمنیەکاندایە!

## ڕاگەیاندنێک لە کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ٢٤/١١/٢٠٢١ تیمێکی حزبمان بەهاوبەشی لەگەڵ پەیامنێرانی ڕادیۆی پێشەنگ لە شاری سلێمانی، بۆ پشتیوانی و داکۆکی کردن لە خواستەکانی خوێندکاران و ڕووماڵ کردنی نارەزایەتیەکەیان، سەردانی کەمپی زانکۆی قلیاسانیان کرد. بەلام هێزە ئەمنیەکان دوای ڕێگریکردن، لە تیمەکە، دەکەونە بەرپەلاماردان وئازاردانی ئەندامانی تیمەکە ودەستبەسەراگرتنی مۆبایل وکەلوپەلەکانیان. لەگەڵ ئەوەدا هاورێیانێکی تیمەکە توانیان لەدەستی هێزەکانی ئاسایش خۆیان دەرباز بکەن، بەلام تا کاتی نوسینی ئەم ڕاگەیاندنە، هەریەک لە هاورێیان مستەفا باهیر، ئومێد حسێن، کامەران لەتیف، محمود ئەحمەد (محمودی حەلاق)، دیارنین و لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستبەسەرن.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا ئەم کردەوە دژی ئازادی وسەرکوتگەریەی هێزەکانی ئاسایش بە توندی سەرکۆنە ئەکەین وداواکارین دەستبەجێ هاوڕێیان ئازاد بکەن و مۆبایل و کەل وپەلەکانیان بۆ بگێڕنەوە، هاوکات کاربەدەستانی پارێزگای سلێمانی وهێزە ئەمنیەکان، بەرپرسیاردەکەین لە سەلامەتی گیانی وپارێزراوبوونی مومتەلەکاتەکانیان. بەدڵنیایەوە ئەم جۆرە کردەوانەی هێزە ئەمنیەکان، نەک هەرناتوانێت نارەزایەتی خوێندکاران و جەماوەری ماف خوراو کۆتایی پێبهێنێ و بێدەنگ ڕایان بگرێ، بگرە بەم پێشێلکاری وکردەوە دژی ئازادیەیان، هێندەی تر ڕووی سەرکوتگەری حکومەت ودەزگا بەرپرسەکان لەئاست ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و جیهاندا، ئاشکراتر دەکات.

**کۆمیتەی سلێمانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

---

نارەزایەتیەک کە سەرتاسەری سودانی داگرتووە بەدژی دەسەلاتی سەربازی و کە تا ئێستاش ئەو هێزانەی کە بانگەوازی خۆپیشاندانیان دەکردو هەروەها زۆربەری جەماوەری سودان لەسەر دروشمەکانی خۆیان دەسەڵاتی مەدەنی بەردەوامن.

**دەورەی داهاتوو پێشڕەوی چینی کرێکار دەخوازێت:**

ئەوەی تائێستا لەسودان ڕوویدا کۆتایی دەورەیەکە کە هێزە سەربازیەکان لەبەرامبەر نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا لە دوو پلاندا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی درێژماوەی سەربازی شکستیان خوارد و پاشەکشەیەکی گەورەیان بەسەردا سەپێنرا، کە ناتوانن هەروا بەئاسانی دەسەڵاتی دوولایەنەی مەدەنی و سەربازی نەهێڵن و دەسەڵاتی یەکلایەنەی سەربازی و دیکتاتۆری بسەپێنن. بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک دەورەیەک بوو کە تێیدا خۆشباوەڕی بەهێزو دەسەڵاتی سەربازی و توندوتیژیەکانی وەستانەوە بوو، وە خاڵێکی بەرچاو لەم دەورەیەدا سەرهەڵدانی ڕێکخراوبوونی کۆمەڵگا لەخوارەوە لە کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەکەکان و بەردەوامی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە مەدەنیەکانی وەک کۆمەڵەی پیشەگەرانی سودان و ڕێکخراوە کرێکاریی و هێزی ئازادی و گۆڕان بوو، ئەگەرچی ئەمەی ئاخری هەندێک کێشەیان تێکەوت بەلام زۆربەی لەپاڵ نارەزایەتیەکانی جەماوەردا ماونەتەوە.

هەموو ئەو پێشڕەویانەی لەژێر کاریگەری نارەزایەتیەکاندا بەدەست هاتن، دەورەیەکی نوێ دەخاتە بەردەم جەماوەری کرێکارو مەحرومانی کۆمەڵگا کەخۆی بۆ سیناریۆکانی داهاتوو ئامادەبکات، لەبەرئەوەی بۆرژوازی چەکی لەدەستدایە، سەربازی هەیە و میلیشیاو وڵاتانی سەرمایەداری ناوچەکەی لەدەورە بۆ پاشەکشە بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و داواکانیان. بۆ جەماوەری ناڕازی بۆئەوەی ئەگەری گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەرێگای سەربازە پلە باڵاکانەوە نەتوانێت دیکتاتۆری بێپەردە بسەپێنێت، زەرورە کە چینی کرێکار پێبنێتە مەیدانەوە بۆ ئەوەی مۆری خۆی بدات لە ئایندەی کۆمەڵگا. بۆ ئەوەی چارەنوسی کۆمەڵگای سودان بەتەواوی بگۆڕێت، بەتایبەت کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک بەجیا لەکرێکاران کە ڕێژەیەکی زۆری بێکارو کەمدەرامەتی تێدایە، بگۆڕێت بەوەی کۆمیتەکانی بەرگری کارگەو ناوەندەکانی کشتوکاڵ بگرێتەوەو بەرەو پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاران بڕوات تا کرێکاران بتوانێت مۆری خۆی بنێت بەو کۆمیتانەو نارەزایەتیەکانەوە کە ڕێگایەکە بۆ دەسەڵات لەخوارەوەی کۆمەڵگاو ئەمە دەتوانێت نەک چارەنوسی کۆمەڵگا لەبەرژەوەندی کرێکاران و ژنان و کەمدەرامەتی کۆمەڵگای سودان بگۆڕێت، بەڵکو مۆری خۆیشی بنێت بە نارەزایەتیەکانی دەورەی داهاتووی وڵاتانی ناوچەکەوە.

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

★

# كرێكارانی ژینگە پارێز لە نێوان حوكمەت و كومپانیاكاندا !

مەهدی ڕەسوڵ



به شێكی بەرچاو لە كرێكاران لە كەرتی خزمەتگوزاری لە گەڵ كومپانیاكان بەشێوەی گرێبەست كاردەكەن، ئەم بەشە لە كرێكار بە حەقدەستێك كاردەكەن كە ناتوانێت ژیانیان دەستەبەربكات. بەرزترین موچە كە هەندێك لە چاودێرو سایەقەكان وەریدەگرن لە نێوان ٤٥٠ بۆ ٥٠٠هەزاردیناردایە، باقی كرێكارەكانیش لە ٣٠٠هەزار زیاتر وەرناگرن. رۆژانە ٨ كاتژمێر كاردەكەن و تەنها رۆژانی هەینی پشوویان هەیە. بەشێكیان كە لە شارە جیاجیاكانی ناوەراست و خواروی عێراقەوە هاتون، یان لە سریلانكاو نیپاڵەوە هاتون، لەو كەمپانە نیشتەجێن كە كومپانیاكان بۆیان تەرخان كردون. ئەم بەشە لەكرێكاری ژینگەپارێز لەلایەن كومپانیاكانەوە خواردنیان دەدرێتێ و بەیانیان و ئێوارانیش بە سەیارەی كومپانیا دەچنەوە بۆكەمپەكانیان. ئەمانە نە شوێنی حەوانەوەیان باشەو نە ژەمە خواردنەكانیشیان. تەنانەت ئەگەر كەسێكیان نەخۆش بێت ئەبێ لەسەرحسابی خۆی بچێتە نەخۆشخانە. بەشێكیشیان كە ماڵیان لەنزیك كارەكەیەتی هەموو شتێك لەسەرخۆیەتی. سەرەرای گشت ئەو كەموكورتیانەی باسم كرد، كرێكارانی ژینگەپارێز بەناچاری ملیان داوە بەو كارەو پاراستنی خاوێنی شارەكان لە رێی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێ.

كرێكارانی ژینگەپارێز، بەتایبەت ئەو بەشەیان كە لە شەقامە قەڵەباڵغەكان كاردەكەن، هەتا ئێستا چەند كەسیان سەیارە لێی داوەو ژیانیان كۆتایی هاتوە. هاوكات بەهۆی ئەوەی كە كەمترین پێداویستی خۆپاراستنیان پێدەدرێ و خاشاكیش خۆی پرە لە مكروبی ترسناك، زۆریشیان توشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن و دەبنەبار بەسەر كەسوكاریانەوە. سەرباری هەموو ئەمانە خاوەن كومپانیاكان موچەكانیان دوائەخەن و چەندینجار كرێكارەكان دەكەنە وەسیلە و مانیان پێدەگرن و دەیكەنە فشار بەسەر حوكمەتەوە تا سولفەیان پێبدا. ئەم حاڵەتە لەساڵی ٢٠١٤وە درێژەی هەیە تا گەیشتە بەوەی كە ئێترکرێکارانیش خۆیان مانگرتن بكەنە وەسیلەی فشار بەسەر كومپانیاو حوكمەتەوە بۆ وەرگرتنی موچەكانیان. ئەمە لەكاتێكدا كە هیچ كرێكارێك بە مەرجی ئەوە كارناكات كە تاسولفە بۆكومپانیا سەرف نەكرێ ،خاوەن كومپانیان موچە نەدەنە كرێكارەكان. لە هەندێ كومپانیا ماوەی سێ مانگ موچە دوادەكەوێ. ئەم وەزعە بۆكرێكارانی ژینگە پارێز زۆرسەختە. كاتێ ماندەگرن ئەگەر خۆیان بریاریان لێ دابێ، بۆهەر رۆژێك كە كار رابگرن، هەر كرێكارێك ٣٠هەزار دینار غەرامە دەكرێ كە بۆخۆیان رۆژانەكانیان تەنها ١٠هەزاردینارە!

خاوەن كومپانیاكان زۆر بێرەحمانە هەندێ شت كە بۆخۆیان لێی بەرپرسیارن و لەگەڵ حكومەت لەسەری رێككەوتون، دەیخەنە ئەستۆی كرێكارەكان وبەردەوامیش هەوڵئەدەن كرێكارەكان بەش بەش بكەن بەسەر سایەقو چاودێرو گسك دەرو كرێكاری دوای كابیسەو ئەم جۆرەشتانە! تەنانەت لەكاتی موچەشدا كەڵكیان لەم جیاكاریە وەرگرتووە و لەهەندێ شوێن پارەی كرێكاریان داوە، بەڵام وتویانە سایەقو چاودێر دواتر دوو موچەیان دەدەنێ بەسەریەكەوە! ئێستا كرێكارانی ژینگە پارێز هیچ كات ٣٠رۆژ جارێك مووچە وەرناگرن تادەگاتە ٤٥رۆژ، ئەویش دەبێ مانی بۆبگرن ئەگەرنا كومپانیا لەخۆیەوە موچەیان پێنادات. دیارە حكومەت و كۆمپانیاكان كێشەیان هەیەو سولفەی خاوەن كۆمپانیاكان دوا دەكەوێ، بەڵام نابێ لەژێر ئەو بیانوەو هیچ بیانوویەكی دیكەدا موچەی كرێكاران دوابكەوێ. موچەی كرێكاران لەراستیدا هێڵی سورەو نابێت دوابخرێت. هەر خاوەنكارێك یان كومپانیایەك یان خودی حوكمەت خۆی بیەوێت موچە دوابخات كارێكی پێچەوانەی تەنانەت یاسای كارێك دەكەن كە خۆیان دایانرشتوە!

بۆیە كێشەی كرێكارانی ژینگە پارێز كێشەی هەموو كرێكاران و بگرە هاوڵاتیانی كوردستانە و دەبێ هەمووان هەستیار بین بەرامبەر بە ژیان و گوزەران و مافەكانی ئەو بەشە لە كرێكاران و بەشێوازی جۆرواجۆر پشتیوانیان لێ بكرێ لەلایەن باقی كرێكاران و خەڵكەوە، هاوكات پێویستە كرێكارانی ژینگەش زیاتر بیر لەوە بكەنەوە كە خۆیان رێك بخەن و بەشێوەی دەستەجەمعی داوای مافەكانیان بكەن و پارێزگاری لە مافو ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزانەكانیان بكەن.

وەستامەهدی

٢١/١١/٢٠٢١

★

**ئۆكتۆبەر .. بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**